مەدریدییەکان باڵۆن دۆری ئەمساڵ بە شایەنی ئینێستا دەزانن..

# "دیشامپ نیوەی فەرەنسییەکان تووشی شەکرە دەکات"

رووداوی وەرزشی - CNBC

رۆژنامەکانی مەدرید دوور لە رکابەرییەکانی کلاسیکۆ، ئەندرێس ئینێستای یاریزانی یانەی بارسێلۆنا بە باشترین یاریزانی جیهان دەزانن و دەڵێن «ئەمساڵ ئینێستا لە مێسی و رۆناڵدۆ شایەنترە بۆ بردنەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر». تێری هێنریش دەڵێت «دیشامپ نیوەی فەرەنسییەکان تووشی نەخۆشی شەکرە دەکات». بەو ئاستە بەرزەی لە 2 یاری هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە یۆرۆدا پێشکەشی کردووە، ئینێستا بووەتە خۆشەویستی ئیسپانییەکان، بە مەدریدییەکانیشەوە، کە لەسەر ئاستی یانەکانی ئیسپانیا رکابەری سەرسەختی ئینێستا و یانەکەینە. ئەوان واقیعیانە بیردەکەنەوەو دان بەوەدا دەنێن کە ئەمساڵ ئینێستا لە مێسی و رۆناڵدۆ باشترەو زیاتر لەوان شایەنی خەڵاتی باڵۆن دۆرە. رۆژنامەی مارکا نووسیویەتی «کەس وەک ئینێستا شایەنی باڵۆن دۆر نییە، دەبێ ئەمساڵ بەو بدرێت». رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆش نووسیویەتی «تۆپی پێ بە باڵۆن دۆرێک قەرزاری ئینێستایە، پێویستە ئەمساڵ قەرزەکەی پێبدرێتەوە». لەلایەکی دیکەوە دیدی دیشامپی راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا کەوتە بەر رەخنەی چاودێران، سەرەرای ئەوەی هەڵبژاردەکەی لە 3 یاریدا 7 خاڵی کۆکردەوەو گەیشتە قۆناخی دووەم، چونکە فەرەنسییەکان پێیانوایە یارییەکانی بە زەحمەت بردووەتەوە، کە ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی لە دڵیاندا دروستکردووە. تێری هێنری ئەستێرەی پێشووی ئەو هەڵبژاردەیە، دەڵێت «تیپەکەی دیشامپ بەمشێوەیە یاری بکات، نیوەی فەرەنسییەکان لە ترسان تووشی نەخۆشی شەکرە دەبن».




WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (405) سێشەممە 2016/6/21 31ی جۆزەردان - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


هەڵبژاردەی بەرازیل بە گۆڕینی دۆنگا کێشەکانی قوڵتر دەکات..

# تیتی تێکیدەدات



"راهێنەرێک لە خولی ئیمارات شکست بێنێت چۆن دەبێتە راهێنەری بەرازیل"

3

سیلین باسی نیگاکانی رۆناڵدۆ دەکات

6

کوردێک چاوی لە یەکەم مەدالیای ئۆلۆمپییە

2

## لە ترسی ئیتاڵیا شەڕ کەوتە نێو ئەڵمانەکان

4

لە درێژەی چالاکییە وەرزشییەکانیدا و لە دەستپێشخەرییەکدا، شاری یاری سمایلاند لە تابلۆ مۆل پاڵەوانیەتییەکی بۆلینگی بۆ رۆژنامەنووسان کردەوە، ژمارەیەکی زۆر راگەیاندنکار و رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق بەشداریان تێداکرد و بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات. حاجی ئاغا ئەسعەد، رێکخەری پاڵەوانیەتییەکە لە بارەی ئەو پاڵەوانیەتییەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «پێمانباشبوو ئەمجارە لە دەستپێشخەرییەکدا رێز لە راگەیاندنکار و رۆژنامەنووسان بگرین، کە رۆژانە ماندوودەبن لەپێناو گەیاندنی زانیاری بە خەڵک. پاڵەوانیەتییەکە 2 رۆژی خایاند، 60 رۆژنامەنووس لە 31 دەزگای راگەیاندنەوە بەشداریان تێداکرد، خۆشبەختانە پاڵەوانیەتییەکە بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات و براوەکان خەڵات کران».

یانەکەی پایتەخت چاوەڕوانی حکومەتە دەرگای خێری بۆ بکاتەوە..

# چیدی یاریزانانی هەولێر بە بێ گرێبەست یاری ناکەن

«یاریزانانی کورد دوا مۆڵەت دەدەنە یانەی هەولێر»

«دەستەی راهێنەرانی پێشوو پەیوەندی بە یانەی هەولێرەوە نەماوە»



**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

چەند یاریزانێکی یانەی هەولێر بە مەرجی ئەوەی ناوەکانیان ئاشکرا نەکرێن، بە (رووداوی وەرزشی)یان راگەیاند کە لە یانەکانی عێراقەوە گرێبەستی باشیان بۆ هاتووەو گوتیان «ئەگەر یانەی هەولێر بڕی گرێبەستەکانمان بداتێ هەر لە یانەی شارەکەمان دەمێنینەوە، ئەگەرنا ناچارین بچینە یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق». بەرپرسێکی یانەی هەولێریش دەڵێت «ئێمە تاوەکو 2016/7/1 چاوەڕێی حکومەتی هەرێم دەکەین بۆ ئەوەی وەڵامی داواکاریەکانمان بداتەوە».

بێجان ئیبراهیم، ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «تاوەکو سەرەتایی مانگی داهاتوو دەوەستین بۆ ئەوەی بڕیارێکی چارەنووساز بدەین و یاریزانانی یانەکەشمان هەموویان گرێبەستی دوو ساڵیان لەگەڵمان هەیە».

لە کاتێکدا کە یانەکانی بەشدار لە خولی عێراقی لە ئێستاوە کەوتوونەتە خۆیان بۆ کۆکردنەوەی یاریزانان بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی وەرزی نوێ خولی عێراقی، یانەکەی پایتەختی کوردستان تاوەکو ئێستا لە چاوەڕوانی ئەوەدایە حکومەتی هەرێم دەرگای خێری بۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت پارێزگاری لە یاریزانانی خۆی بکات، چونکە ژمارەیەک لە ئەستێرەکانی یانەکە گرێبەستیان لە یانە گەورەکانی عێراقەوە بۆ هاتووە، بەڵام بەرپرسانی یانەی هەولێر بڕیاری کۆتاییان نەداوە، چونکە چاوەڕوانی حکومەت دەکەن بۆ ئەوەی هاوکارییەکی یانەکە بکات.

بێجان ئیبراهیم، گوتی « ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین حکومەت هاوکاریمان بکات، بۆیە تاوەکو 2016/7/1 چاوەڕێ دەکەین بزانین چی دەبێت، حکومەت چۆن پێشوازی لە داواکارییەکانی ئێمە دەکات بۆ ئەوەی بتوانین مافەکانیان بدەین، ئێمە دووچاری قەیرانێکی سەخت بووینەو یاریزانانی ئێمەش مافی خۆیانە داوای پارەکانیان بکەن ». لەبارەی چارەنووسی ئەو یاریزانانەی کە داوای مافی گواستنەوەیان کردووە بۆ ئەوەی بچنە یانەکانی دیکە، بێجان گوتی «سەرجەم یاریزانانی ئێمە گرێبەستی دوو ساڵیان لەگەڵ یانەی هەولێر هەیە، بۆیە ئەوانیش تاوەکو سەرەتای مانگی داهاتوو دەوەستن بە ئومێدی ئەوەی ئەم بارودۆخە ناهەموارەی یانەکەمان چارەسەر بێت».

چەند یاریزانێکی هەولێر، کە بە مەرجی ئەوەی ناویان ئاشکرا نەکەین، قسەیان بۆ (رووداوی وەرزشی) کردو گوتیان «ئێمە لە چاوەڕوانی یانەی هەولێرین، چونکە گرێبەستمان لە یانەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ هاتووە، بەڕاستی ئەگەر یانەی هەولێر پارەی گرێبەستەکانمان پێبدات، هەر لە شاری خۆمان یاری دەکەین، ئێمە لەسەر بڕیاری یانەی هەولێر وەستاوین، لەبەرئەوە هێشتا وەڵامی یانەکانی عێراقمان نەداوەتەوە، کە چەندینجارە بۆ ئەو پرسە پەیوەندیمان پێوە دەکەن».

لەبارەی دەستەی راهێنەرانیش، بێجان ئیبراهیم، دووپاتیکردەوە کە دەستەی پێشووی راهێنەران هیچ پەیوەندییەکیان بە یانەی هەولێرەوە نەماوە، بەڵام رەتیشیکردەوە هیچ دەستەیەکی نوێیان دەستنیشان کردبێت «هێشتا لەلایەن دەستەی کارگێڕی یانەکەمانەوە هیچ ناوێک دیارینەکراوە بۆ ئەوەی پۆستی راهێنەرایەتی پێبدرێت، هەموو ئەو ناوانەی باس دەکرێن، هیچ بنەمایەکیان نییە، تەنیا قسەی شەقامە، دەستەی راهێنەرانی پێشووش پەیوەندی بە یانەی هەولێرەوە نەماوە».

کوردستان و عێراق تەنیا هەڵگری مەشخەڵ و ئاڵا بوون..

# کوردێک چاوی لە یەکەم مەدالیای ئۆلۆمپییە

## کۆڤان حەسەن: دڵنیام لە بردنەوەی مەدالیای ئۆلۆمپی، چونکە خاوەن مەدالیای پاڵەوانیەتی جیهانم



**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی - سلێمانی**

کەمتر لە 50 رۆژ بۆ دەستپێکردنی ئۆلۆمپیادی 2016 ماوە، کە بڕیارە ئەمساڵ لە شاری ریۆدی جانیرۆی بەرازیلی دەستپێبکات و نزیکەی مانگێک درێژە بکێشێتئەمساڵ کوردێک بە فەرمی بەشداری لەو بۆنە گەورە جیهانییەدا دەکات و دەڵێت «دڵنیام مەدالیایەکی ئۆلۆمپیاد دەبەمەوە» .

یارییە ئۆلۆمپییەکان سەرجەم یارییە وەرزشییەکان دەگرێتەوەو وڵاتان لە ماوەی ئەو مانگەدا بەهێزترین رکابەری بۆ بەدەستهێنانی مەدالیا دەکەنەوە، چونکە دەستەبەرکردنی مەدالیای ئۆلۆمپی مێژوویەکی گەورەیە لە هەر وڵاتێک و بۆ هەر یاریزانێک .

عێراق لە ماوەی 13 جار بەشداریکردنی لە یارییە ئۆلۆمپییەکاندا، کە ساڵی 1948 یەکەمجار رێگە بە بەشداربوونی عێراق درا، خاوەنی تەنیا یەک مەدالیایە کە لە ساڵی 1980 لە پلەی سێیەمی بەرزکردنەوەی قورسایی دەستەبەریکردووە.

ئەمساڵ جیاوازە بۆ عێراق، چونکە کوردێک شەرەفی بەشداریکردنی لە یارییە پارائۆلۆمپییەکان بۆ کەسانی (خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان) پێبەخشراوە، ئەویش کۆڤان حەسەنە کە بەشداری لەو یارییانەدا دەکات .

کۆڤان بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئامادەکارییەکی تەواوم بۆ بەشداریکردن لەو یارییانەدا کردووە، بەشداری لە یاری هەڵدانی رم وەک یاریزانێکی هەڵبژاردەی عێراق و تەنیا کورد لە مێژووی ئەو یارییانەدا دەکەم» .گوتیشی «دڵنیام لەدەستبەرکردنی مەدالیا، چونکە خاوەنی مەدالیای پاڵەوانیەتی جیهانم و خەونیشم دەستەبەرکردنی مەدالیای ئۆلۆمپییە» .

پێش کۆڤان، لە ساڵی 2004 هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئۆلۆمپی عێراق بەشداری لە یارییەکانی ئۆلۆمپیادی ئەسینا کردو لە پێکهاتەکەیدا یاریزان هاوار مەلا محەممەد یاریکردو گۆڵێکی لە هەڵبژاردەی پۆرتوگال تۆمارکرد لەو یارییەدا کە عێراق 4 - 2 براوە بوو و بۆ یەکەمجار گەیشتە نیوەی کۆتایی و پلەی چوارەمی دەستەبەرکرد.

لە ساڵی 2012 کورد بووە ژمارەیەکی بەهێز لە مێژووی یارییە ئۆلۆمپییەکان کاتێک بۆ یەکەمجار لە مێژوودا کوردێک مەشخەڵی یارییەکانی ئۆلۆمپیادی لەنێو جەرگەی لەندەن بەرزکردووە .

مەشخەڵی ئۆلۆمپی کە پێش چەند مانگێک لە دەستپێکی هەر چوار ساڵێکی یارییە ئۆلۆمپییەکان بەنێو شارەکانی چەندین وڵات دەگێڕدرێت، ساڵی 2012 پێش دوو مانگ لە دەستپێکی یارییە ئۆلۆمپیەکانی لەندەن بە دیاریکراوی لە 6/19 وەک یەکەم کورد مەشخەڵەکە سپێردرایە دکتۆر بەیاد جەمال عەلی، کە بۆ ماوەی چەند خولەکێک لەنێو شاری لەندەندا شەرەفی گێڕانی ئەو مەشخەڵە ئۆلۆمپییەی پێبەخشرا.

دکتۆر بەیاد جەمال عەلی، ئەکادیمی و خاوەن کار، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای بەیاد و سامسۆنگ ئەلیکترۆنیکس لە عێراقدا، ئەندامی بۆردی ئەمینداران لە زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆژیا . هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری کارگێڕی کار و ئابووری لە زانکۆی پاریس بۆ کارگێری کار. خاوەنی چەندین بڕوانامەشە لە زانکۆی هارڤەرد و لەندەن بۆ کارگێڕی و زانکۆی ئەمریکی لە عێراق - سلێمانی.

بەهرەیەکی میللی

شێروان شێرزاد..

# وەرزشوانێکی فرە بەهرە

**رووداوی وەرزشی - هەولێر**

کەمن ئەو وەرزشوانانەی فرە بەهرەن، واتە لە هەمانکاتدا لە چەند روویەکەوە خزمەتی وەرزش بکەن. شێروان شێرزادی راهێنەر، یەکێکە لەو وەرزشوانە دەگمەنانە، کە هەرگیز لە وەرزش کردن ماندوو نابێت و لە چەندین بوار و بە چەندین شێوە خزمەتی وەرزش دەکات.

شێروان شێرزاد، کە ساڵی 1985 لە هەولێر لەدایکبووە، سەرەڕای ئەوەی دەرچووی بەشی ئابووری کۆلیژی کارگێڕی و ئابوورییە، وەرزشوانێکی فرە بەهرەیەو بەشێکی زۆری کاتەکەی بۆ خزمەتکردنی وەرزش تەرخان دەکات.

شێروان، کە سەرەتا وەک یاریزان یاری بۆ چەند تیپێکی میللی کردووە، دواتر لە بواری مەشق و راهێنانیشدا سەرپەرشتی چەندین تیپی میللی کردووەو چەندین یاریزانی بەتوانای پێگەیاندووە، کە دواتر بۆ یانەکانی کوردستان یارییان کردووە. ئەو بێجگە لەوەی راهێنەرێکی بەتوانای تۆپی پێیە، لە نووسین لە بواری وەرزشیشدا بەهرەمەندەو لە چەندین رۆژنامە و گۆڤارە وەرزشییەکانی کوردستاندا هەواڵ و راپۆرتی بڵاوکردووەتەوە، ئێستاش سەرقاڵی نووسینی کتێبێکی وەرزشییە بەناونیشانی «بەسەرهاتی یارییەکانی کۆتایی چامپیۆنسلیگ». کە زۆربەی کارەکانی تەواوکردووەو بەم نزیکە لە چاپ دەدرێت.

شێروان شێرزاد، بێجگە لەمە بەهرەیەکی باشیشی لە کاری بێژەری بۆ یارییەکانی تۆپی پێ هەیەو وەک خۆی دەڵێت «من بەردەوام دەبم لە نووسین لە بواری وەرزش، حەزیشدەکەم ببمە راهێنەر و لەو بوارەدا برەو بە بەهرەکانم بدەم و بڕوانامەیەک لەو بوارەدا بەدەستبێنم بۆ ئەوەی خزمەت و سەرپەرشتی یانەیەکی کوردستان بکەم، یان لەگەڵ یەکێک لە تیپییەکانی کوردستان، ببمە بێژەری یارییەکانی تۆپی پێ». ئەو دەشڵێت «پێشتر بەشداریم لە دوو خولی تایبەت بە کاری بێژەری کردووەو بڕوانامەم وەرگرتووە».

شێروان شێرزاد، پێشتر وەک یاریزان لەگەڵ تیپی قەڵات و دواتریش هاوچەرخ دەستیپێکردووە. وەک راهێنەریش لەگەڵ تیپی رۆژگار دەستییپێکردووەو دواتریش سەرپەرشتی تیپەکانی شەهید دیدار، شەهید نەوزاد و شەهید لوقمانی کردووە. ئەو هیواخوازە رۆڵی خۆی ببینێت لە خزمەتکردنی وەرزش لە دەڤەری بەڕانەتی و سەرانسەری کوردستان.

شێروان، لەسەر ئاستی کوردستان سەرسامە بە عەبدوڵڵا مەحموودی راهێنەر و لەسەر ئاستی جیهانیش زۆر سەرسامە بە ئەلێکس فێرگسۆنی راهێنەری پێشووی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی.





KOREK Telecom

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەڕی "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە









korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (405) سێشەممە 2016/6/21



## 110ی ژێر سفر

لیۆناردۆ بونۆچیی بەرگریکاری هەڵبژاردەی ئیتاڵیای بەشدار لە یۆرۆی 2016، نهێنییەک لەسەر خۆی هاوڕێکانی ئاشکرا دەکات، کە بەهۆیەوە یاریزانانی ئەو هەڵبژاردەیە بە توانایەکی جەستەیی بەهێز دەردەکەون و ئاستێکی بەرزی یاریکردنیش پێشکەش دەکەن. بونۆچی وێنەیەکی خۆی و چەند یاریزانێکی هاوڕێی لە ئینستاگرام بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا دەردەکەوێت ئەوان چوونەتە ناو ژوورێک کە پلەی گەرماکەی 110 لە ژێر سفردایەو ڕوونیشیکردووەتەوە «ئەمە چارەسەرییەکە لەلایەن پزیشکانی هەڵبژاردەکەمانەوە بۆمان دانراوە بۆ ئەوەی ماندووبوونی ماسوولکەکانمان نەهێڵێت».



### لە 596 لێدانی ڕاستەوخۆدا 41 گۆڵی کردووە..

# دۆن لە لێدانەکانی ڕاستەوخۆدا سەرکەوتوو نییە

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

هەرچەندە لای جەماوەری تۆپی پێ وا باوە، کە یەکێک لە سیفەتە جیاکەرەوەکانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی لێدانە ڕاستەوخۆوەکانییەتی، کە دەیان گۆڵی لەو ڕێگایەوە تۆمارکردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕاستییە تەنیا لەسەر ئاستی یانەکان بەرجەستە دەبێت و بەپێچەوانەوە لەسەر ئاستی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ئامارەکان پێماندەڵێن «کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە لێدانە ڕاستەوخۆیەکاندا سەرکەوتوو نییە».

بەپێی ئامارەکان، لە هەردوو پاڵەوانیەتی جامی جیهان و جامی نەتەوەکانی ئەورووپادا، نەک هەر ڕۆناڵدۆ، بەڵکو هەموو ئەو ئەستێرانەی بە لێدانە ڕاستەوخۆوەکان ناوبانگیان دەرکردبوو، لە ڕاستیدا سەرکەوتوو نین و لەو بارەوە ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردنیان زۆر کەمە، وەک جۆرجی هاجی ڕۆمانی، ڕۆناڵد کومانی هۆڵەندی، وێسلی شنایدەری هۆڵەندی، فرانچیسکۆ تۆتی ئیتاڵی و سینیسا میهایلۆڤیچی سربی و چەندینی دیکەش. بەڵام بێگومان ئامارەکانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە هەموو ئەمانە خراپترن، بەو پێیەی زۆرترین لێدانی ڕاستەوخۆی لەو دوو پاڵەوانیەتییەدا جێبەجێکردووەو نەیتوانیوە تاکە گۆڵێکیش لەو ڕێگایەوە تۆمار بکات.

ڕۆناڵدۆ، 36 لێدانی ڕاستەوخۆی جێبەجێکردووە، هیچ گۆڵی تۆمار نەکردووە، کەچی باشترین یاریزانی ئەورووپی لەم بوارەدا، هیریستۆ ستۆیچکۆڤی کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی بولگاریایە، هەرچەندە ڕێژەی گۆڵکردنی ئەویش بەرز نییەو کەمتر لە 12%یە، بەو پێیەی لە 17 لێدانی ڕاستەوخۆدا تەنیا 2 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی بولگاریا تۆمارکردووە.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، بەدرێژایی کاروانی وەرزشیی خۆی، 596 لێدانی ڕاستەوخۆی بۆ هەڵبژاردەی پورتوگال و ئەو یانانەی یاری بۆ کردوون، جێبەجێکردووەو 41 لەو لێدانانەی گۆڵکردووە، واتە ڕێژەی سەرکەوتنی لە لێدانەکانی ڕاستەوخۆ تەنیا9.9%یە.

لەم خشتەیەدا ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردنی ئەستێرەکانی ئەورووپا لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکانیان لە مۆندیال و یۆرۆدا، لە ڕێگەی لێدانە ڕاستەوخۆوەکانەوە دەردەکەوێت:

| یاریزان | هەڵبژاردە | لێدانی ڕاستەوخۆ | گۆڵ |
|---|---|---|---|
| کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ | پورتوگال | 36 | 0 |
| جۆرجی هاجی | ڕۆمانیا | 27 | 0 |
| میشێل پلاتینی | فەرەنسا | 25 | 2 |
| ڕۆناڵد کومان | هۆڵەندا | 22 | 0 |
| زەینەدین زیدان | فەرەنسا | 21 | 2 |
| وێسلی شنایدەر | هۆڵەندا | 18 | 0 |
| فرانچیسکۆ تۆتی | ئیتاڵیا | 18 | 0 |
| هیریستۆ ستۆیچکۆڤ | بولگاریا | 17 | 2 |
| فێرناندۆ هیێرۆ | ئیسپانیا | 17 | 1 |
| سینیسا میهایلۆڤیچ | سربیا | 16 | 1 |



### ڕاهێنەرە نوێیەکەی هەڵبژاردەی سامبا 16 تیپی گۆڕیوە..

# کێشەی بەرازیل قوڵتر دەبێتەوە

**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

زۆر لە هاندەرانی هەڵبژاردەی بەرازیل، تەنانەت بەشێک لە چاودێرانیش پێیانوایە یەکێتی تۆپی پێی بەرازیل، بە لادانی کارلۆس دۆنگا لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی بەرازیل، نەک هەر کێشەکەی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو قوڵتری کرد، چونکە وەک هەندێکیان دەڵێن «ڕاهێنەرێک لە خولی ئیمارات سەرکەوتوو نەبێت، چۆن دەتوانێت لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل سەرکەوتوو بێت».

جیا لەوەی هەندێک لە چاودێران پێیانوایە دانانی تیتی ڕاهێنەری یانەی کۆرینسیانز، لەجیاتی کارلۆس دۆنگا لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی بەرازیل هەڵەیەکی گەورەیە، بەو پێیەی ئەو ڕاهێنەرە دوژمنی نەیمار دا سیلڤای یاریزانی ژمارە یەکی ئەو هەڵبژاردەیەیە، لەو بڕوایەشدان کە تیتی ئەو توانایەی نییە هەڵبژاردەیەکی گەورەی وەک بەرازیل لەم قەیرانەی ئێستا تێیکەوتووە ڕزگار بکات و بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونانەش دەگەڕێنەوە دواوەو ئەزموونی ئەو ڕاهێنەرە لەگەڵ دوو یانەی ئیماراتی بە بەڵگە دەهێننەوەو دەڵێن «ئەوەی نەتوانێت لە خولی ئیماراتی سەرکەوتوو بێت، چۆن لەگەڵ بەرازیل سەرکەوتوو دەبێت».

تیتی ساڵی 2007 ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی عەینی ئیماراتی وەرگرت، بەڵام نەیتوانی زیاتر لە 5 مانگ لەگەڵ ئەو یانەیە بمێنێتەوە، تەنیا بەشداری لە 7 گەڕی خولی ئیماراتی کرد، بەڵام لەبەرئەوەی ئەنجامەکانی خراپ بوون، لەسەرکارلادرا، کە هەر بەهۆی ئەویشەوە لەو وەرزەدا یانەی عەین پلەیەکی دواوەی ڕیزبەندی خولەکەی گرت.

تیتی جارێکی دیکە و لە ساڵی 2010 ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی وەحدەی ئیماراتی وەرگرت، بەڵام تەنیا 45 ڕۆژ لەگەڵیدا مایەوەو دوای تەنیا 4 یاری دیسان لەسەرکارلادراو گەڕایەوە بەرازیل. هەرچەندە ئەوکات تیتی ڕایگەیاند «خۆم دەستم لەکارکێشاوەتەوە بۆ ئەوەی لەسەر داوای ڕۆناڵدۆی دیاردەی بەرازیلی ببمە ڕاهێنەری یانەی کۆرنسیانز». بۆ زانین ئەوکات ڕۆناڵدۆ یاری بۆ کۆرنسیانز دەکرد.

زۆر لە بەرازیلییەکان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گاڵتەیان بە تیتی کرد، چونکە پێیانوایە چۆن لە ئیمارات ڕایکردووە، دوای ماوەیەکی کەم بارودۆخی هەڵبژاردەی بەرازیل زیاتر لەوەی ئێستا تێکدەدات، دواتریش ڕادەکات و ئەرکی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی بەرازیل جێدەهێڵێت، بەتایبەتیش کە هەندێک لە چاودێران دەڵێن «یەکێتی تۆپی پێی بەرازیل نەک هەر کێشەکەی هەڵبژاردەی بەرازیلی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو قوڵتری کردووە، چونکە ڕاهێنەرێک چۆن دەتوانێت سەرکەوتوو بێت، ئەگەر کێشەی لەگەڵ کاپتن و باشترین یاریزانی تیپەکەی هەبێت».

ساڵی 2012 تیتی لەگەڵ یانەی سانتۆس ڕاهێنەری نەیمار بوو، ئەوکات لە لێدوانێکدا هێرشی کردە سەر نەیمار و گوتی «نەیمار نموونەیەکی خراپە بۆ منداڵان». ئەوەش بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوانیان.

تیتی ناوی تەواوی (ئەدینۆر لیۆناردۆ باتچی)یە، تەمەنی 55 ساڵە، پێشتر یاریزانی تۆپی پێ بووە، لە هێڵی ناوەڕاست یاری کردووە، بەڵام بەهۆی پێکانێکی قورسەوە لە تەمەنی 27 ساڵی بەیەکجاری وازی لە یاریکردن هێناوە.

وەک ڕاهێنەر سەرپەرشتی 16 تیپی کردووە، بەڵام تەنیا لەگەڵ یانەی کۆرنسیانزی بەرازیلی سەرکەوتوو بووە، کە 2 جار نازناوی خولی بەرازیلی و نازناوێکی جامی لیپرتادۆس و جامێکی مۆندیالی یانەکانی بۆ بردووەتەوە.

> «ڕاهێنەرێک لە خولی ئیمارات سەرکەوتوو نەبێت، چۆن دەتوانێت لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل سەرکەوتوو بێت»

### بۆ دووبارەکردنەوەی ڕۆژانی پلاتینی و زیدان..

# فیتەر و جلفرۆشێک هیوای هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکانن



**ئا: ئیحسان تاهیر**

دوو یاریزانی فەرەنسی، کە پێشتر دوور لە تۆپی پێ دوو پیشەی جیاوازیان هەبووە، تاوەکو ئێستا لە پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەورووپادا باشترین ئاستیان لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا پێشکەش کردووەو ئەوان هیوای فەرەنسییەکانن بۆ دووبارەکردنەوەی ڕۆژانی میشێل پلاتینی و زەینەدین زیدان، کە ئەوان لە 1984 و 2000 جامی یۆرۆیان بۆ هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکانی فەرەنسا بردووەتەوە.

## دیمیتری پایێ (جلفرۆش)

دیمیتری پایێ، دوای 3 یاری هەڵبژاردەی فەرەنسا، بووەتە ئەستێرەیەکی یۆرۆ لە سەرەتاوە، دوای ئەوەی توانی بەو دوو گۆڵە جوانەی لە گۆڵی ڕۆمانیا و ئەلبانیا تۆماری کردن، خۆشی بخاتە دڵی ملیۆنەها فەرەنسییەوە. بەڵام سەیر لەوەدایە دیمیتری پایێ، کە بووەتە ئەستێرەیەکی ئەورووپی لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا، کە ئەم وەرزە بۆ یەکەمجار لەگەڵ یانەی وێستهامی ئینگلیزی دەرکەوت، سەرەتا جلفرۆش بوو لە شوێنێکی جلفرۆشتن لە فەرەنسا.

پایێ ساڵی 2005 لە شوێنێکی جلفرۆشتن لە شاری نانتی فەرەنسی کاری دەکرد، لە هەمانکاتیشدا بۆ یانەی نانت یاری دەکرد، بەڵام مووچەی مانگانەی بەشی خۆی و خێزانەکەی نەدەکرد، بۆیە لەو شوێنە کاری دەکرد. دواتر پایێ چووە سانت ئیتیان پاشان لیل و دواتریش مارسیلیا، بەر لەوەی وەرزی 2015 ببێتە یاریزانی وێستهامی ئینگلیزی، کە دەستەوارەکە تەواوبوو ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرا، گرتەیەکی ڤیدیۆیی پاییان بڵاوکردەوە، کە لەنێو شوێنێکی جلفرۆشتن لە فەرەنسا کار دەکات، باسی چۆنیەتی گەیشتنی ئەو ئەستێرەیان بەو قۆناخی ئەستێرەییەش کرد.

## بە 5 هۆکار پایێ بووەتە پلاتینی

دیمیتری پایێ، ئێستا بووەتە ئەستێرەی یەکەمی هەڵبژاردەی فەرەنسا، دوای ئەوەی توانی سەرکردایەتی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکات، بۆ گەیشتن بە قۆناخی دووەمی یۆرۆی 2016، دوای بردنەوەی هەردوو یاری یەکەم بەرامبەر ڕۆمانیا و ئەلبانیا، لە قۆناخی کۆمەڵەکاندا. پایێ ئەفسانەی فەرەنسی میشێل پلاتینی بەبیر خەڵکی هێنایەوە، کە سەرکردایەتی کەڵەشێرەکانی کرد بۆ بەدەستهێنانی یەکەم نازناوی یۆرۆ ساڵی 1984. بارودۆخی نێوان پایێ و پلاتینی زۆر لە یەکدی دەچن. لێرەدا هەندێ لەیەکچوونی بارودۆخی هەردوو ئەستێرە لە هەردوو پاڵەوانیەتی دەخەینەڕوو:

گۆڵی بردنەوەی فەرەنسا بەرامبەر دانیمارک لە کردنەوەی دانەی 1984، میشێل پلاتینی لە دەرەوەی هێڵی سزا تۆماریکرد، لەو یارییە کە بەئەنجامی 1 ـ 0 لە بەرژەوەندی کەڵەشێرەکان تەواو بوو، هەمان شت لەگەڵ پایێ دووبارە بووەوە، کە گۆڵی بردنەوەی فەرەنسای لە هەڵبژاردەی ڕۆمانیا تۆمارکرد، لە یاری کردنەوە لە خولەکەکانی کۆتایی بە لێدانێکی موشەکی جوان لە دەرەوەی هێڵی سزادا.

پلاتینی گۆڵکاری پاڵەوانیەتییەکە بوو دوای دوو گەڕ لە دانەی 1984 بە تۆمارکردنی 4 گۆڵ، هەمانشت بۆ پاییش دووبارەبووەوە، کە دوای دوو یاری بە تۆمارکردنی 2 گۆڵ، گۆڵکاری پاڵەوانیەتییەکە بوو. پایێ خاوەنی درەنگترین گۆڵە لە پاڵەوانیەتییەکە، کە لە خولەکی 96 بوو بەرامبەر ئەلبانیا لە گەڕی دووەمدا، پلاتینیش لە ساڵی 1984 درەنگترین گۆڵی بەرامبەر بەلجیکا تۆمارکرد لە خولەکی 90، کە ئەویش لە گەڕی دووەم بوو. سەیر لەوەدایە پایێ بووە خاوەن خەڵاتی باشترین یاریزان لە یەکەم دوو یاری فەرەنسا، هەمانشت بەسەر پلاتینیشدا هات لە دانەی 1984، کە کەڵەشێرەکان نازناوەکەیان بەدەستهێنا.

## عادل ڕامی (فیتەر)

عادل ڕامی، بەرگریکاری فەرەنسی و یاریزانی یانەی سڤیلیای ئیسپانی، کە سەرەتا لەلایەن دیدی دیشامپی ڕاهێنەرەوە بانگهێشت نەکرا بوو بۆ بەشداریکردن لە یۆرۆی 2016، دواتر بەهۆی پێکانی ڕافاییل ڤارانەوە ڕامی بە ناچاری لەلایەن ڕاهێنەرەوە بانگهێشتکرا. بەڵام بە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز ڕامی سەلماندی کە دیشامپ هەڵە بووە لە پشتگوێخستنی ئەو، کە ئێستا هێڵی بەرگری فەرەنسا پشت ئەستوورە بە تواناکانی ئەو بەرگریکارە، کە زۆر بە بوێری و لەخۆبووردەییەوە یاری دەکات.

عادل ڕامی، دڵی خۆی بۆ ڕۆژنامەی فرانس فوتبۆل کردەوەو چەند لایەنێکی لە ژیانی تایبەتی خۆی و قۆناخی منداڵی ئاشکراکرد و دانی بەوەدانا کە کاری فیتەری کردووە.

ڕامی، کە بەڕەچەڵەک مەغریبییە، گوتی «قۆناخی منداڵیم بەهۆی مردنی باوکم هەرگیز ئاسان نەبوو، چونکە من و 4 منداڵی دیکەی لەدوای خۆی جێهێشت، بەڵام ئازایەتی دایکم هەموو شتەکانی کۆنترۆڵکرد، کە گرنگترین شتە لە ژیانم و هۆکاری یەکەمی سەرکەوتنمە». ڕامی گوتیشی «شتێکی ئاسان نییە دایکێک بەتەنیا 4 منداڵ بەخێو بکات، مانەوەی دایکم لە ژیان نەیهێشت هەست بە لەدەستدانی باوکم بکەم. ڕاستە من هەستیارم، بەڵام لەنێو یاریگەدا دەبمە جەنگاوەر، دایکمم زۆر خۆشدەوێ و ڕۆژانە دوو سێجار بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکەم.»

ڕامی لەسەر گێڕانەوەی سەردەمی منداڵی خۆی بەردەوام دەبێت و دەڵێت «ڕەوشی قورسی خێزانەکەم ناچاری کردم هەر لەمنداڵییەوە دەست بە ئیشکردن بکەم و ببمە فیتەر لە پیشەسازی شارۆچکەی فیجیس، بەڵام لە ڕاستیدا شارەزای هەموو وردەکارییەکانی ئەو پیشەیە نەبووم، تەنیا شتی ئاسانی وەک گۆڕینی بەنسەکانم دەکرد، حەزم لێنەبوو ئیش لە ماکینەی ئۆتۆمبێل بکەم، کە پێویستی بە بیرکردنەوەو هەوڵی گەورەتر هەبوو».

ڕامی هەروەها دەڵێت «ڕاستە لەو پیشەیە کارم کردووەو بەردەوام شانازی بە ڕابردووی خۆم دەکەم، بەڵام ئامانج و هیوای من ئەوەبوو ببمە یاریزانی تۆپی پێ، بۆیە ئەو کارە شتێکی ناچاری بوو، بەڵام شانازی بە هەموو وێستگەکانی ژیانمەوە دەکەم».



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (405) سێشەممە 2016/6/21



## ڕاستە

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باس لەوە دەکەن گوایە ڕافایێل ڤارانی بەرگریکاری فەرەنسی، بڕیاریداوە لەم هاوینەدا ڕیزەکانی یانەی شاهانە جێبهێڵێت و لەو بارەوە گوتی «ڕاستە، ڤاران بڕیاری ڕۆیشتنی داوە، چونکە هیچ گرەنتییەک نییە کە زەینەدین زیدانی ڕاهێنەر لە وەرزی داهاتووشدا وەک یاریزانێکی سەرەکی پشتی پێببەستێت، ئەویش چیدی بەرگەی مانەوە لەسەر کورسی یەدەگ ناگرێت، دەیەوێ لەگەڵ یانەیەکی دیکە وەک یاریزانی سەرەکی یاری بکات».

فیتنە لەنێو ماڵی ئەڵمانەکان سەریهەڵدا..

# ئەڵمانیا لە ئیتاڵیا دەترسێت



### ئەڵمانەکان بۆ یاریزانەکانیان:
### ئەگەر بەمشێوەیە یاری دەکەن هەر لە ئێستاوە بگەڕێنەوە ماڵەکانتان

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە دووەم یاری خۆیدا لە یۆرۆدا ئاستێکی خراپی بەرامبەر هەڵبژاردەی بۆڵۆنیا پێشکەشکرد، لێشاوێک ڕەخنە لەلایەن ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا و هاندەرانەوە کرایە سەر ئەو هەڵبژاردەیەو سەرچاوەیەکی نزیک لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەڵێت "فیتنە کەوتووەتە نێو ژووری جلگۆڕینی مانشافتەکان".

ئەڵمانەکان ڕەخنەیان لە یواکیم لۆفی ڕاهێنەر گرت و پێیانڕاگەیاند "ئەگەر دەتەوێ نازناوی ئەوروپا ببەیتەوە پێویستە تیپەکەت بە زووترین کات بگۆڕی". ڕۆژنامەی بیلد لەو بارەوە نووسیویەتی "هەڵبژاردەی ئەڵمانیا هێز و خێرایی و بلیمەتی لەدەستداوە". ڕۆژنامەی ستۆدیوتچە تسایتۆنجیش نووسیویەتی "سەرنەکەوتن لە یاری دووەمی پاڵەوانییەتییەکاندا بووەتە شکستێکی تەقلیدی هەڵبژاردەی مانشافتەکان، کە لەوانەیە هەر ئەو یارییەش ببێتە هۆکاری ئەوەی ئەڵمانیا پلەی یەکەمی گرووپەکە ببەخشێتە هەڵبژاردەی پۆڵەندا، ئەمەش کارێکی مەترسیدار دەبێت، چونکە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا نزیک دەکاتەوە".


ڕۆژنامەی فرانکفۆرتەر ئەلجمینە تسایتونج، ڕەخنە لە هێڵی هێرشبردن دەگرێت و دەڵێت "ئەگەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا نازناوەکەی دەوێ، پێویستە هێڵی هێرشبردنی بگۆڕێت".

سەرچاوەیەکی نزیک لە ژووری جلگۆڕینی هەڵبژاردەی مانشافت، ئاشکرایکرد کە لەدوای یارییەکەی پۆڵەندا شەڕ و ناکۆکی کەوتووەتە نێو ژووری جلگۆڕینی مانشافت و گوتی "کرووس و بواتینگ بە ئاشکرا ڕەخنەیان لە هێرشبەرەکانیان گرتووەو پێیگوتوون ئەگەر بەو شێوەیە یاریدەکەن، با هەر لە ئێستاوە بگەڕێینەوە ماڵەوە". هەروەها ئەو سەرچاوەیە دەشڵێت "ماریۆ گومێز و باستیان شڤاینشتایگەریش بە ئاشکرا نارەزایەتی خۆیان نیشانداوە لەوەی ڕاهێنەر وەک یاریزانی سەرەکی پشتیان پێ نابەستێت".

هەروەها هاندەرانی مانشافتیش لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان ڕەخنەباران کرد، کە لە هەندێک لە کۆمێنتەکاندا نووسیویانە "ئەگەر بەمشێوەیە یاری دەکەن هەر لە ئێستاوە بگەڕێنەوە ماڵەکانتان".



# لە پشت پەردەوە




لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.

بێجگە لەوە دایکی مێسیش بڕیاری دابوو لەگەڵ هەردوو براکەی مێسی، ڕۆدریگۆ و ماتیاس لە ڕۆساریۆ بمێنێتەوە، چونکە هەردووکیان دۆستی کچیان هەبوو لە ئەرجەنتین و لەگەڵ ژیانی بارسێلۆناش نەگونجا بوون، لەگەڵ ماریسۆلی کچی بچووکیان، بڕیاری چیککردنی بۆ خۆرخی و مێسی جێهێشتبوو: ئایا دەگەڕێنەوە بارسێلۆنا یان لەگەڵ خێزانەکە دەمێننەوە؟. خۆرخی ئەو ماوەیەی لەیادە، کە چۆن ئازادی بڕیاردانی بۆ کوڕەکەی جێهێشتووە، ئەوکاتەی خێزانەکەی گەڕاوەتەوە ڕۆساریۆ بۆ بەسەربردنی پشوو، لەمبارەوە بۆ بەرنامەی تەلەڤزیۆنی (ئینفۆرمی ڕۆبسۆن) دواو گوتی «لە ڕای خۆی لیمپرسی و پێمگوت ئەگەر دەتەوێ بگەڕێینەوە دەگەڕێینەوە، لە وەڵامدا گوتی خەونی ئەوەیە لە بارسێلۆنا و خولی پلە یەکی ئیسپانیا یاری بکات». لەو ماوەیەدا لیۆ نزیکبوو لەوەی بچێتە ڕیال مەدرید، چونکە بارسێلۆنا لە هەمان هاوینی 2001 هەندێ گۆڕانکاری کارگێڕی بەخۆوە بینی، کە بریتی بوو لە دانانی خاپییر پێریز فارجیل لە پۆستی بەڕێوەبەری گشتی، کە بەهیچ جۆرێک بە گرێبەستەکەی لیۆ و بڕی پارەکەی ڕازی نەبوو، بۆیە سەبارەت بە مەرجی تازەوە دەستی بە دانوستان کردەوە. یانەکە پێشنیازی کرد هەموو ئەوانەی لایەن بوون لە دەستەوارەکە لەسەر مێزی دانوستان دانیشن، هەر لە جۆسێپ میگێلاوە تاوەکو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی پەیوەندیدار و پارێزەران، بەڵام هەر لایەنە دەستی بە هەڵوێستی خۆیەوە گرت بە ڕادەیەک ئەندامێکی ئەنجومەنی کارگێڕی گوتی «بەڵام ئەو مێردمنداڵە خۆی بەکێ دەزانێت؟ مارادۆنا؟ با کۆتایی بە گرێبەستەکە بهێنین و بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لە ئەرجەنتین لێیهاتووە». وا پێدەچوو دانوستانەکان بە تەواوی وەستابن، لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری وەرزشیی ڕیال مەدرید، خۆرخی ڤالدانۆ ئامادەیی یانەی شاهانەی بۆ دانی هەموو پێداویستییەکانی خێزانی مێسی بەزیادەوە دووپاتکردەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا نایەوێ لەسەر لیۆ لەگەڵ بارسێلۆنا شەڕ بکات، ئەوەی دەیویست هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نێوان هەردوولا بوو بۆ ئەوەی لیۆ بێتە ڕیال مەدرید و شتەکان کۆتایی پێبێت.. ڕاستییەکەی گرێبەستێکی فەرمی ڕیال مەدرید نەبوو، بەڵکو بەڵێنێک بوو، بەڵام خۆرخی لە یەکێک لە کۆبوونەوە درێژخایەنەکاندا شتەکەی وەک کارتی فشار بەکارهێنا «پێموابوو دەچینە مەدرید». لە کۆتاییدا هەموو لایەنەکان ناچاربوون کەمێک بێنە خوارەوەو ڕێککەوتن کرا، بەڵام لەمیانی ئەو پرۆسەیەدا زیان بە پەیوەندی زۆر گەیشت، خۆرخی مێسی ئاشکرای دەکات هەندێ کەس کە متمانەی پێیان هەبوو، فێڵیان لێیکرد بەڵکو هەندێکیان پارەشیان وەرگرتبوو، لەوانەیە هەر ئەو ساتە بێت کە بڕیاریدا خۆی و هەر خۆی تەنیا لە داهاتوودا بریکاری کوڕەکەی بێت.

### ڤیلانۆڤا و گاڵتەکانی پاسەوانی تایبەتی پیکێ

لیۆ وەرزی 2001 ـ 2002 لەگەڵ تیپی لەدایکبووانی 1987 دەستپێکرد، کە ماوەی دوو ساڵ و نیو لە هەمان ژووری جلگۆڕین بەیەکەوە بوون، پاشان بووە یەکێک لە باشترین نەوەکانی ئەکادیمیای لاماسیا لەژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەر، ئەلبرت بێنایجیسی ڕاهێنەری تیپی تازەپێگەیشتووان (ب)، کە تایبەت بوو بە هاوتەمەنەکانی مێسی لەو کاتدا. مێسی هێشتا نەیتوانیبوو کێشە بیرۆکراتییەکانی چارە بکات، بۆیە تەنیا لە یاری دۆستانەییەکان و یارییەکانی تایبەت بە یەکێتی تۆپی پێی کەتالۆنیا بەشداری دەکرد. بەردەوام لەو تیپە دەردەچووو دەهاتەوە کە بێنایجیس سەرپەرشتی دەکرد، کە پێیباشبوو مێسی لە باڵەکان یاری پێبکات، چونکە لە پلانی تیپەکەیدا بۆ ئەو گونجاوتر بوو. لە سەرەتای 2002 و لەنیوەی وەرزدا ئەرکەکە بە تیتۆ ڤیلانۆڤا سپێردرا، کە پێشتر بەهۆی پێکانی ئەژنۆ وازی لە یاریکردن هێنابوو، کە لێنەگەڕا وەک یاریزان لەسەر یاریکردن بەردەوام بێت، ئەوەش هاوتا بوو لەگەڵ ڕاگەیاندراوی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا)، کە مافی تەواوی یاریکردنی مێسی یاریزانی پێشووی نیوڵز بە بارسێلۆنا دەدات، بەمەش هیچ شتێک نەما ببێتە بەربەست لەبەردەم یاریکردنی مێسی لە هەموو یارییەکاندا. لیۆ لە 17ی شوباتدا یەکەم یاری فەرمی لەگەڵ بارسا لە تیپی تەمەنەکان ئەنجامداو توانی 3 گۆڵ تۆمار بکات، کە تیپەکەی یارییەکەی بە ئەنجامی 14 ـ 1 لە تیپی ئەسپلۆگیس دی لۆبریگات بردەوە.



## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



مـن وایدەبینـم تەمـەن پەکی بە کریستیانۆڕۆناڵدۆخستووە، ئەودووقاچە بەهێـزەی نەماوە بتوانێـت بەرگریکاران ببڕێت

جیلیم بالاگ
(ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیسپانی)



پێمخۆشە ئیسپانیا بدۆڕێت نەک ببینم پیکێ گۆڵی بۆدەکات، قەت چەپڵە بۆیەکێک لێنادەم کـە داوای جیابوونەوە لە ئیسـپانیا دەکات

ئەلڤارۆ ئۆگیدا
(ڕاگەیاندنکاری بەناوبانگی مەدریدی)



ڕۆناڵـدۆ یاریزانێکـی زۆر گەورەیە، بەڵام نـەک هـەر نابێ لەگەڵ مێسـی بەراورد بکرێت، بەڵکو نابێ ناویشیان لە یەک لیستدا دابنرێت

ماریۆ بالۆتێلی
(یاریزانی یانەی لیڤەرپوول)



بەداخـەوە مێسـی بـێ ڕێـزی بەرامبەر کردین، چونکە ناوبژیوان فیکەی ئۆفسـایدی لێدابوو، کە ئـەو تۆپەکەی بەنێوقاچی گۆڵچییەکەماندا هاوێشت

کامبۆس داڤالۆس
(یاریزانی هەڵبژاردەی بۆلیڤیا)



دوای لەدەسـتدانی لێدانـی سـزا بەرامبەر ڕیال مەدرید ئاسـتی یاریکردنم باشتر بووەو ڕێژەی فرۆشی درێسەکەشم بەرزتر بووە

خوان فران
(بەرگریکاری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید)



هەڵبژاردەمـان ڕێک وەک بارسـێلۆنا سـەردەمی پێـپ گواردیۆلا یـاری دەکات تەنیا جیاوازییـەک هەیە، ئەوەیش ئەوەیە ک مێسیمان لەگەڵدانییە

تیر شتیگ
(گۆڵپارێزی یەدەگی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



## بێزارە

کارلۆس مۆرینیۆی سەرۆکی یانەی سێلتاڤیگۆی ئیسپانی دانی بەوەدا نا کە زۆر بێزارە لەو بارودۆخەی ئێستا بەهۆی نۆلیتۆی هێرشبەری هاتووەتە ئاراوە، کە بەردەوام داوای ڕۆیشتن دەکات. مۆرینیۆ لەو بارەوە گوتی «بەڕاستی بێزار بووم لە داواکارییەکانی نۆلیتۆ، بەردەوام داوای ڕۆیشتن دەکات، بۆیە وابزانم ئەو بۆ وەرزی داهاتوو دەچێتە یانەیەکی دیکە». هەروەها سەرۆکی ئەو یانەیە گوتیشی «مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نۆلیتۆ 18 ملیۆن یۆرۆیە، هەر یانەیەک ئەو پارەیە بدات با نۆلیتۆ بباتە ڕیزەکانی خۆی».



### بێجگە لە ئیریک ئەبیدال..

# بەرگریکارانی فەرەنسی بۆ بارسا دەستنادەن

ئا: ڕەمزی میرەکانی

بە گوێرەی ڕۆژنامەکانی کەتالۆنیا، یانەی بارسیلۆنا نزیکە لە ڕاگەیاندنی گرێبەستکردنی فەرمی، لەگەڵ ساموێل ئۆمیتیتی یاریزانی لیۆنی فەرەنسی بەرامبەر بە 30 ملیۆن یۆرۆ، دووپاتیشی دەکەنەوە سەری مانگی داهاتوو هەموو شتێک لەو بارەوە تەواو دەبن، واتە ئەوکاتەی بودجەی ساڵی تازە دادەنرێت.

بارسیلۆنا پێشتر چەندین بەرگریکاری فەرەنسی بردووەتە ریزەکانی، هەموویان شکستیان هێناوە، تەنیا ئیریک ئەبیدال نەبێت، کە لە سەردەمی ڕاهێنەر پیپ گواردیۆلا درەوشایەوە، بەر لەوەی نەخۆشی ناچاری بکات واز لە یاریکردن بهێنێت، وەلێ جیرمی ماتیۆ لە دوو وەرزی ڕابردوودا هەندێ سەرکەوتنی تۆمارکردووە.

پێش ئەبیدال و ماتیۆش چەند بەرگریکارێکی دیکە یارییان بۆ بارسا کردووە، لەوانە لۆران بلان، کە ساڵی 1996 هاتە بارسیلۆنا، بەڵام یەک وەرزیشی تەواو نەکرد، دوای ئەوەی نەیتوانی خۆی لەگەڵ شێوازی یاریکردنی بارسا ڕابێنێت، بۆیە بەخێرایی بەرەو ئۆلۆمپیک مارسیلیا ڕۆیشت. دوای بلان، بارسا فریدریک دیهۆی کڕی لە ساڵی 1999، بەڵام ئەویش هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەستنەهێنا، تەنیا بەشداری 11 یاری کرد لەگەڵ تیپەکە، پاشان ڕۆیشت بێئەوەی لە یادەوەری جەماوەری بارسا بمێنێتەوە. دوای یەک ساڵ لە دیهۆ، بارسا گرێبەستی لەگەڵ ئیمانوێل پیتی واژووکرد، هەرچەندە ساڵانی پێشوو لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی دەروشاوە بوو، کەچی وەک بەرپرسانی بارسا پێشبینیان دەکرد دەرنەکەوت، بۆیە زۆر خێراتر ڕۆیشت کە هەموو پێشبینیان دەکرد.

بارسا پەندی وەرنەگرت و ساڵی دواتر گرێبەستی لەگەڵ فیلیپ کریستانفال واژووکرد، کە وەک یەکێک لە باشترین بەرگریکارەکانی جیهان سەیری دەکرا، بەهۆی درەوشانەوەی لەگەڵ یانەی مۆناکۆ، بەڵام ئەویش هەمووانی بێهیوا کرد و بە یەکێک لە خراپترین ئەو یاریزانانە دانرا، کە بارسیلۆنا گرێبەستی لەگەڵ کردوون.

ساڵی 2006 بارسا گرێبەستی لەگەڵ لیلیان تورام کرد، کە ئەوکات یەکێک لە باشترین بەرگریکارەکانی لای ڕاستی جیهان بوو، بەڵام کێشەی ئەوەبوو درەنگ گەیشت و لە کۆتاییەکانی کاروانی وەرزشیی خۆی بوو، یانەکەی جیهێشت و خراپترین ئەزموونی لە کاروانی وەرزشیی خۆی تۆمارکرد.

دوایین بەرگریکاری فەرەنسی هاتە بارسیلۆنا بنەماکەی گۆڕی، ئەویش ئیریک ئەبیدال بوو، کە ساڵی 2007 لە یانەی لیۆنەوە هاتە بارسا، بەشێوەیەکی زۆر باش دەرکەوت و بووە یاریزانێکی سەرەکی لە تیپی خەونەکانی بارسیلۆنا، بەر لەوەی لە ساڵانی دوایی لە بارسیلۆنا بەدەست نەخۆشی جگەر بناڵێنێت و ساڵی 2013 بڕوات. دوایین بەرگریکاری فەرەنسی درێسی بارسیلۆنای پۆشیبێت جیرمی ماتیۆیە، کە دوو ساڵ پێش ئێستا هاتە ریزەکانی، لەو ئەزموونەی شتێکی ئەوتۆی بەدی نەهێناوە، زۆربەی کاتەکان لەسەر کورسی یەدەگەکان بوو، بەڵام هەندێ گۆڵی گرنگی تۆمارکردووە، یەکێک لەوانەش لە گۆڵی ڕیال مەدرید بوو، ئەوەش وایکردووە لە لیستی شکستخواردووەکانەوە دووربێت، بەڵام ناکرێ بە ئەبیدالی بەراورد بکەین.

### 5 ژمارەی مێژوویی یۆرۆ شکاندیان ئەستەمە..

# کەس نابێتە پلاتینی

ئا: ڕووداوی وەرزشی

وڵاتی فەرەنسا میوانداری پاڵەوانیەتی یۆرۆی 2016 دەکات، کە تاوەکو 10 تەمموزی داهاتوو بەردەوام دەبێت، لە پاڵەوانیەتییەکانی پێشووی یۆرۆدا 5 ژمارەی پێوانەیی تۆمارکراون، کە شکاندیان لەم خولە و لە داهاتووش ئەستەمە، نەخاسمە کە هەڤرکی شتە جێگیرەکانی تۆپی پێ دەکات، ژمارەکانیش ئەمانەن:

1 - هەڵبژاردەی ئیسپانیا کەمترین گۆڵی لەیەک پاڵەوانیەتی لێکراوە، ئیسپانیا توانی نازناوی یۆرۆی 2012 بەدەست بێنێت، بۆ جاری دووەم لەدوای یەک کە لە پۆڵەندا و ئۆکرانیا ئەنجام درا، بە ژمارەیەکی پێوانەیی لە گۆڵ لێبوون، ئەویش یەک گۆڵ بوو لە یاری کردنەوە بەرامبەر ئیتاڵیا، کە ئەنتۆنی دی ناتالی تۆماری کرد.

2 - ڤان دێر سار زۆرترین بەشداریکردنی هەیە لە مێژووی پاڵەوانیەتییەکەدا، گۆڵپارێزی پێشووی هەڵبژاردەی هۆڵەندا، بەشداری لە زۆرترین خولەک کردووە لە مێژووی پاڵەوانیەتییەکانی یۆرۆ، ئەویش 1535 خولەکە، هەرچەندە ئەستێرەی فەرەنسی لیلیان تورام ژمارەی یارییەکانی زیاترە.

3 - میشێل پلاتینی، ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا، زۆرترین گۆڵی لەیەک پاڵەوانیەتی تۆمارکردووە، پلاتینی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسی، بە گۆڵکاریی مێژوویی پاڵەوانیەتییەکانی یۆرۆ دادەنرێت بە 9 گۆڵ، بەڵام ژمارە پێوانەییەکە لەوەدایە، پلاتینی توانی لە یەک پاڵەوانیەتیدا ئەوەندە گۆڵە تۆمار بکات، ئەویش ساڵی 1984 بوو. واتە ئەگەر هەی هەر یاریزانێکی دیکە لەجیاتی پلاتینی ببێتە گۆڵکاری مێژوویی یۆرۆ، بەڵام زۆر زەحمەتە یاریزانێک بتوانێت لە یەک پاڵەوانیەتیدا پێش پلاتینی بکەوێت و 10 گۆڵ تۆمار بکات.

4 - لە یۆرۆی 1980 کەمترین گۆڵ تۆمارکرا، پاڵەوانیەتی یۆرۆی 1980 لە ئیتاڵیا، تاوەکو ئێستا کەمترین گۆڵی تێدا تۆمار کراوە، ئەویش 27 گۆڵ بوو، لە یۆرۆی 2000 لە بەلجیکا و هۆڵەندا زۆرترین گۆڵ تۆمارکراوە، کە 80 گۆڵە.

5 - پاڵەوانیەتی 1976 بەرزترین ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردنی بەخۆوە بینی، تاوەکو ئێستا پاڵەوانیەتی 1976 لە یوگسلافیا، بەرزترین ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردنی لە یەک یاری بەخۆوە بینی، بە ڕێژەی 4.75 گۆڵ لەیەک یارییدا، لەو پاڵەوانیەتییەدا چەندین ئەنجامی گەورە تۆمارکران، وەک دۆڕانی یوگسلافیا بەرامبەر ئەڵمانیای خۆرئاوا بە ئەنجامی 4 - 2 گۆڵ.



### دۆن بە کێ سەرسام بووە؟

# سیلین باسی نیگاکانی ڕۆناڵدۆ دەکات



ڕووداوی وەرزشی - DW

ڕۆژنامەکانی فەرەنسا ئەو نیگا سەرسامییەیان لە کیس خۆیان نەدا، کە ئەستێرەی هەڵبژاردەی پورتوگال کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، بۆ یەکێک لە کچە پێشوازیکەرەکانی یاریگەی جیوفرای گیشار ناردی، لە کاتی یاری پورتوگال و ئایسلاندا، لە گەڕی یەکەمی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا، بێئەوەی لە بابەتەکە نەکۆڵنەوە.

ڕۆژنامەی لیۆپاریسیانی فەرەنسی توانی قسە لەگەڵ سیلین فیشێر بکات، کە ئێستا لە فەرنسا بە (شەیداکەری ڕۆناڵدۆ) ناسراوە. سیلین ئەو کچە بوو کە ڕۆناڵدۆ لە کاتی هاتنە نێو یاریگەدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سەیری کردو سەرنجی هەموو جیهانی بۆ ئەو دیمەنە ڕاکێشا. سیلین لەو بارەوە بە ڕۆژنامەی لیۆپاریسیانی فەرەنسی گوت «وەک نەریتی هەموو جارێکم تاخمە جلی هێڵی فڕۆکەوانی تورکیام (سپۆنسەرێکی یۆرۆ) لەبەرکرد و چوومە یاریگە بۆ پێشوازیکردن لە یاریزانانی هەردوو هەڵبژاردە. ئەوەی دواتر ڕوویدا، ڕۆناڵدۆ نیگای تێکردم و بەشێوەیەکی زۆر جوان بۆم پێکەنی». هەروەها سیلین گوتی «سەرەتا شتەکەم بەشێوەیەکی ئاسایی وەرگرت، کەچی حەپاسام دوای ئەوەی هەزاران نامەم لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هات، نەخاسمە لەسەر هەردوو تۆڕی فەیسبووک و تویتەر، بێجگە لەوەی خەڵکێکی زۆر ئەو گرتەیەیان بڵاوکردەوە، کە بەرجەستەی ئەو هەڵوێستەیە».

لە بەخت باشی ئەو پێشوازیکەرە فەرەنسییە، جارێکی دیکە ناوی لەنێو لیستی ئەو تاخمە پێشوازیکەرە دەبێت، کە لە یاری داهاتووی پورتوگال بەرامبەر هەنگاریا ئامادە دەبێت، لە ڕۆژی 22 ئەو مانگەدا. دەبێ ئەمجارە چی ڕوویدات؟!.





% 25

سەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردەی فەرەنسا هەر زوو بلیتی سەرکەوتنی بۆ قۆناخی 16ی یۆرۆ بەدەستهێنا، هێشتا هاندەرانی فەرەنسا متمانەی ئەوەیان بە یاریزانانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان نییە کە بتوانن جامی پاڵەوانییەتییەکە ببەنەوە. ئەمە لە ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکی گەورەدا دەرکەوت، کە ڕۆژنامەی لیکیپی بەناوبانگی فەرەنسی بۆ هاندەرانی هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکان ئەنجامیداوەو دەیان هەزار فەرەنسی دەنگیان بۆ داوە. بەپێی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییە تەنیا 25 %ی فەرەنسییەکان پێیانوایە هەڵبژاردەی فەرەنسا دەتوانێت ببێتە پاڵەوانی ئەوروپا.

# شارۆچکەیەک بە ناوی بەیڵەوە کرا

ڕووداوی وەرزشی ـ DW

شارۆچکەی باڵای بچووک لە باکووری وێڵز بەشێوەیەکی کاتی ناوی لەخۆی ناوە بەیڵ، لە میانی پاڵەوانیەتی یۆرۆ کە ئێستا یارییەکانی لە فەرەنسا بەڕێوەدەچن، وەک ڕێزلێنانێک بۆ بەناوبانگترین یاریزانی هەڵبژاردەی وێڵز، کە گاریس بەیڵی ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانییە.

خەڵکێکی زۆر لە وێڵز بەرامبەر تەلەڤزیۆن سەیری یارییەکانی هەڵبژاردەکەیان دەکەن، کە لە کۆمەڵەی دووەم یاری دەکات، لەگەڵ هەڵبژاردەکانی (ئینگلتەرا، ڕووسیا و سلۆڤاکیا). ئەمەو بەیڵ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەرکەوتنی وێڵز بۆ یەکەمجار بۆ کۆتاییەکانی پاڵەوانیەتییەکی گەورە هەبوو، لەوەتەی ساڵی 1958، دوای ئەوەی توانی 7 گۆڵ تۆمار بکات، لە یەکەم یاریش لە یۆرۆدا گۆڵێکی بەرامبەر سلۆڤاکیا تۆمارکرد، کە تیپەکەی بە ئەنجامی 2 ـ 1 گۆڵ یارییەکەی بردەوە، لە یاری دووەمیشدا بەرامبەر ئینگلتەرا گۆڵێکی جوانی بە لێدانی ڕاستەوخۆ تۆمارکرد، بەڵام وێڵز یارییەکەی بە ئەنجامی 1 ـ 2 گۆڵ دۆڕاند.

دیلوین مورگان، بەرپرسێکی خۆماڵی شارۆچکەکە، لەو بارەوە گوتی «شێوازێکی نایابە بۆ ڕێزگرتن لە گاریس بەیڵ و پشتیوانیکردن لە هەڵبژاردەی وێڵز لە یۆرۆ، بەیڵ ئەستێرەیەکی جیهانییە، ئەو هەنگاوەش بۆی هەیە باڵا.. ببوورە بەیڵ بخاتە سەر نەخشەی جیهانەوە». هەموو لافیتەکانی شارۆچکەکە کە ژمارەی دانیشتووانی 2 هەزار کەسە، بۆ بەیڵ گۆڕدراوە بەلایەنی کەمەوە تاوەکو وێڵز لە پاڵەوانیەتییەکە دەردەچێت.

خاتوو ئیدیس ڕۆبرتس سەرۆکی شارۆچکەکە، داوای لە هەڵبژاردەی وێڵز کردووە دوای تەواوبوونی یۆرۆ سەردانی شارۆچکەکە بکات. ئیدیس گوتی «دەمەوێ گاریس بەیڵ و هەڵبژاردەی وێڵز داوەت بکەم سەردانی باڵا بکەن، بۆ ئەوەی چاویان بە جەماوەری باکووری وێڵز بکەوێ و شتە بەرچاوەکانی شارۆچکەکە ببینن».



## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆپا ئەمریکا | ئەرجەنتین - ئەمریکا | چوارشەممە 22/06/2016 | AM 04:00 |
| یۆرۆی 2016 | ئێرلەندای باکوور - ئەڵمانیا | سێشەممە 21/06/2016 | 07:00 |
| یۆرۆی 2016 | چیک - تورکیا | سێشەممە 21/06/2016 | 10:00 |
| یۆرۆی 2016 | کرواتیا - ئیسپانیا | سێشەممە 21/06/2016 | 10:00 |
| یۆرۆی 2016 | هەنگاریا - پورتوگال | چوارشەممە 22/06/2016 | 07:00 |
| یۆرۆی 2016 | ئایسلاند - نەمسا | چوارشەممە 22/06/2016 | 07:00 |
| یۆرۆی 2016 | سوید - بەلجیکا | چوارشەممە 22/06/2016 | 10:00 |
| کۆپا ئەمریکا | کۆلۆمبیا - چیلی | پێنجشەممە 23/06/2016 | AM 03:00 |



چی وایکرد یاریزانانی بەلجیکا دووەم یاریان لە یۆرۆدا ببەنەوە..

# بەلجیکا لە یەکەم یاریدا بە هەڵبژاردەی ژنانەوە یاریکرد

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

ئەو ئاستە خراپەی یاریزانانی هەڵبژاردەی بەلجیکا لە یەکەم یاری خۆیاندا لە یۆرۆی 2016 پێشکەشیان کرد، کاردانەوەی تووڕە کۆمەڵایەتییەکان و دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتەی بەدوای خۆیدا هێناو بە چەندین شێوە ڕەخنە باران کران، بۆیە یاریزانانی ئەو هەڵبژاردەیە لە یاری دووەمدا ناچار بوون بە ئاستێکی بەرز یاری بکەن و بە 3 گۆڵ ببەنەوە.

یاریزانانی بەلجیکا لە یەکەم دەرکەوتن لە یۆرۆی 2016 ئاستێکی زۆر خراپیان پێشکەشکرد، باجەکەشی دۆڕان بوو بەرامبەر هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بە 2 گۆڵی خاوێن. توندترین هێرشکردن لەلایەن شارەزای تۆپی پێ، ستیفان بوالس بوو، کە ئەستێرەکانی هەڵبژاردەی بەلجیکای بە ژنان چواند و گوتی «تۆپی پێی بەلجیکی بە درێژایی مێژوویی خۆی بە توانای جەستەیی و هێز لە ململانێی دووانەدا ناسراوە، بەڵام ئەمڕۆکە ئێمە بەرامبەر چەند یاریزانێکین، کە تەنیا بەهرەی خۆیان نیشان دەدەن و هیچ ناجەنگن، وەک ئەوەی لە یارییەکی تۆپی پێی ئافرەتاندا بن». هەروەها ستیفان گوتی «تیپێکمان نییە لەو پاڵەوانیەتییەدا دوور بڕوا، شەیدای هەڵبژاردەی بەلجیکام، بەڵام بەو بەرگرییە و هێرشبردنە ئەرکەکە ئەستەم دەبێت، بەهەرحاڵ دەبێت یاریزانەکان لە یارییەکانی داهاتوودا بەشێوەیەکی جیاوازتر و پیاوانەتر یاری بکەن، ئەگەرنا کارەسات دەقەومێ».

هەڵبژاردەی بەلجیکا لە یەکەم یاری بەرامبەر ئیتاڵیا بە ئاستێکی باش دەرنەکەوت، کە لە ماوەی 30 ساڵی دواییدا بە نزمترین ئاستی ئەو هەڵبژاردەیە دادەنرێت، لەسەر ئاستی بەهرەکان، ئەوەش کۆدەنگی ژمارەیەکی زۆری شارەزایانی تۆپی پێیە لەو پاڵەوانیەتییەدا. بەڵام وادیارە ئەو قسانە کاریگەریان بەسەر یاریزانانی بەلجیکاوە هەبوو، بۆیە لە دووەم یارییدا ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردو بە 3 گۆڵی بێبەرامبەر لە هەڵبژاردەی ئێرلەندایان بردەوە.

ژمارەیەکی زۆری شارەزایان هەڵبژاردەی (شەیتانە ڕەش)ەکانیان پاڵاوتووە، لە یۆرۆ دوور بڕۆن، ئەوەش لەبەر ئەو هەموو یاریزانە بەتوانایەی لە پریمەرلیگدا هەیەتی، هاوشێوەی لۆکاکۆ، ئیدین هازارد و کیڤین دی بروین.

4 ملیۆن یۆرۆی دەستکەوتووە..

# پێلێ چی خۆی و بە چەند هەڕاجیکرد؟

ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA


هەموو جیهان باسی ئەوەی کرد کە پێلێی ئەفسانەس تۆپی پێی بەرازیل، گرانترین شتەکانی خۆی لە زیادکراوێکی خێرخوازی لە لۆس ئەنجلۆس فرۆشت، بەڵام ئایا چی فرۆشتووەو بەچەندیشی فرۆشتووە؟.

پێلێ، لەو زیادکراوە خێرخوازییەدا دانەیەکی جامی مۆندیالی بە نیو ملیۆن یۆرۆ فرۆشتووە، کە دانەیەکی کت و متی جامی مۆندیالە، پێلێ خاوەنی ئەو دانەیەیە، کە سێجار نازناوی مۆندیالی لەگەڵ هەڵبژادەی بەرازیل بەدەستهێناوە، ئەو دانەیەی پێلێ فرۆشتی بۆ مۆندیالی 1970 لە مەکسیک دەگەڕێتەوە. پێلێ بێجگە لەو جامە، ملوانکەی یەکەم مۆندیالی خۆی، کە لە ساڵی 1958 بەدەستیهێنابوو، لەگەڵ ملوانکەی مۆندیالی 1962، بە بڕی 340 هەزار یۆرۆ فرۆشتی.

پێلێ هەروەها ئەو پێڵاوەشی کە لە فیلمی (هەڵاتن لەپێناوی سەرکەوتن) پێی دەرکەوت، بە بڕی 8000 یۆرۆ فرۆشت، ئەو زیادکردنە 3 ڕۆژ بەردەوام بوو و ئەنجامەکانیشی بەدڵی ڕێکخەرانی بوو.

پێیلێی تەمەن 75 ساڵان، پێشبینی دەکات کۆی تەواوی داهاتی زیادکردنەکە بگاتە 4 ملیۆن یۆرۆ، زۆرترین بەشی پارەکەش دەبەخشرێتە نەخۆشخانەیەکی منداڵان لە بەرازیل. پێلێ کە پێشتر نازناوی باشترین یاریزانی مێژوویی پێدراوە، لەبارەی ئەو زیادکردنەوە گوتی «بڕیارم دا هاندەران و ئارەزوومەندانی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکان، بەشێک لە مێژووی منیان دەستکەوێ».





## یۆرۆی 2016

سێشەممە 2016/06/21

| | |
|---|---|
| ئێرلەندای باکوور ـ ئەڵمانیا | 07:00 |
| ئۆکرانیا ـ پۆلەندا | 07:00 |
| چیک ـ تورکیا | 10:00 |
| کرواتیا ـ ئیسپانیا | 10:00 |


چوارشەممە 2016/06/22

| | |
|---|---|
| هەنگاریا ـ پورتوگال | 07:00 |
| ئایسلاند ـ نەمسا | 07:00 |
| سوێد ـ بەلجیکا | 10:00 |
| ئیتاڵیا ـ ئێرلەندا | 10:00 |



کەریم بنزیمە: ڕۆژوو شکاندن لەگەڵ هاوڕێکان چێژێکی تایبەتی هەیە

KOREK



%80

جرانیت تشاکای یاریزانی هەڵبژاردەی سویسرا بە ڕۆژنامەی سبۆکسی ئەڵمانی ڕاگەیاند، کە خۆی و براکەی، تۆلانت تشاکای یاریزانی هەڵبژاردەی ئەلبانیا، زۆر وەفادارن بەرامبەر دایک و باوکیان و زۆرینەی مووچەی خۆیان، کە لە یانەکانیان وەردەگرن بە دایک و باوکیان دەدەن و گوتی «من و تۆلانتی برام لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە مانگانە 80%ی مووچەکانمان بدەینە دایک و باوکمان، وەک وەفایەک بۆ ئەو کۆشش و ماندووبوونەی داویانە تاوەکو ئێمەیان پێگەیاندووە، دەمانەوێ ئەوان هەمیشە پێبکەنن».



ڕێبوار محەممەد

## یۆرۆ بەبێ پاڵەوان!

یەک لە سیفاتەکانی یۆرۆی ئەمساڵ بزریی پاڵەوانە. کە دەڵێم بزریی پاڵەوان، واتە هەڵبژاردەیەک نابینین بۆنی پاڵەوانی لێبێت و چاوەڕێ بکەین ئەو دواجار جامەکە بەرز بکاتەوە. بێگومان دەبێ لە کۆتاییدا یەکێک نازناوەکە بەرز بکاتەوە، بەڵام ئەوەی تا نووسینی ئەم دێڕانە بینیومانە، کەس جێگەی دڵنیایی لەسەدا سەد نییە بۆ نازناوەکە.

یارییەکانی 10 ڕۆژی ڕابردووی پاڵەوانیەتییەکە، دەریانخست کەس هێندە بەهێز و تۆکمە نییە زەحمەت بێت خاڵە لاوازەکانی دەستنیشان بکەین، تۆپی پێش بەشێکی بریتییە لە داپۆشینی خاڵە لاوازەکانی تیپی خۆت، بە خاڵە لاوازەکانی تیپی بەرامبەر.

**با هەڵوەستەی کورت لەسەر پاڵێوراوەکان بکەم:**

### ئیتاڵیا

لە دوو یاریدا، لە دوا خولەکدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ڕاستە کۆنتی مامەڵەی دروست لەگەڵ پێکهاتەکەیدا دەکات، بەڵام هەتا ئێستا ئیتاڵیامان نەبینیوە لە ئەنجامدا دوابکەوێت، ئەوە بۆ تیپێک کە ستراتیجی سەرەکی لەسەر تۆمارکردنی تاکە گۆڵێک و پاشەکشەیە بۆ ناوچەی سزای خۆی، تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە دەبێت، کەواتە ئەگەر ئیتاڵیا لە ئەنجامدا دواکەوت، کۆنتی چۆن مامەڵە دەکات؟

### ئینگلتەرا

ئینگلیزەکان بەیەکسانبوون و بردنەوەیەکی زەحمەت لە وێڵز خۆیان پێشانداوە، پێکهاتەکەی ڕۆی هۆدسۆن لە ڕووی کوالیتی یاریزانانەوە لە هیچی کەم نییە، بەڵام کێشەی سەرەکی لە هێواش بونیادنانی هێرشدایە، هەروەها پابەندبوون بە شێوازی کلاسیکییانەی خۆی کە ناتوانێ بە تەکتیک پارێزگاری لە پێشکەوتنی خۆی بکات، لەگەڵ ڕووسیا بەو هۆکارە خاڵی لەدەستدا، پێشکەوتنی چەند ئاسان بێت، پارێزگاریکردنی لەو پێشکەوتنە ئەوەندە زەحمەتە.

### ئەڵمانیا

کێشەی ئەم هەڵبژاردەیە هێڵی پێشەوەیەتی، ئێستاش تێناگەم بۆچی ماریۆ گۆتزێ لە نێو هێڵی سزادابێت لە کاتێکدا بەدرێژایی وەرزی ڕابردوو لەسەر کورسی یەدەگ بووە، گۆتزێ لە نێو بەرگریکەراندا ون دەبێت و مولەریش دیار نییە، گۆتزێ هیچ تایبەتمەندییەکی هێرشبەری سەرەڕمی تێدا نییە، نەخێرایە، نەجەستەی پتەوە، نە باڵای بەرزە. گۆمێزیش تا هەلێک دەکاتە گۆڵ دە هەل دەفەوتێنێت. ئەمە جیا لەوەی جێگەی متمانەی لۆفیش نییە.

### فەرەنسا

دوو بردنەوەی زەحمەت بەرامبەر ڕۆمانیا و ئەلبانیا لە دوا خولەکدا و یەکسانبوون بەرامبەر سویسرا ئەو گەشبینییە زۆرەی لە چواردەوری تیپەکەی دیدێ دیشامپ نەهێشتووەتەوە کە بەر لە پاڵەوانیەتییەکە لە ئارادا بوو، فەرەنسییەکان هەڵبژاردەیەکی پڕ ئەستێرەن بەڵام زەحمەتە عادل رامی و کۆسێنلی لە بەرامبەر هێرشی هەڵبژاردە گەورەکاندا خۆیان بگرن، لە بیرمان نەچێت فەرەنسا چەندە ناوەڕاستی بەهێزە، ئەوەندە ناو سندووقی لاوازە، جیرۆ و جینیاک هێندە جێگەی متمانە نین فەرەنسا ببەنە یاری کۆتایی.

### ئیسپانیا

ئیسپانیا هەڵگری نازناوە بەڵام بەهیچ شێوەیەک تاقینەکراوەتەوە، چیک و تورکیا ئەو هەڵبژاردانە نین ببنە گرێکوێرە بۆ ماتادۆر، ئیسپانیا بەهەمان شێواز و ریتم و تەکتیکی خۆی یاریدەکات، ئەگەر پێشتر پشتی بەلێهاتوویی یاریزانەکانی بارسا بەستبێت، ئەمساڵ بەئاسانی ئەوەی بۆ ناچێتە سەر، کاتێک دایکی ئەو تەکتیکە کە گواردیۆلادا ڕاگیرابێت، بێگومان لەگەڵ ئیسپانیا ڕاگرتنی زۆر ئاسانترە.

هەموو ئەمانە وا دەکەن بەدووری نەزانم ئەمساڵ پاڵەوانێکی سوپرایز ببینین، لەوانەشە یەکێک لە گەورەکان بچێتەوە سەر سەکۆی نازناوەکە، بەڵام هێشتا کەس بۆنی پاڵەوانی لێنایەت.

بۆ هاندانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان لە یۆرۆ..

# 15%ی ئایسلاندییەکان چوونەتە فەرەنسا

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکان باس لەوە دەکەن کە 15%ی کۆی دانیشتووانی ئایسلاندا ئێستا لە فەرەنسان بەهۆی بەشداریکردنی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان لە پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای 2016، کە فەرەنسا میوانداری دەکات. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانیانە، 40 هەزار هاوڵاتی ئایسلاندی بۆ هاندانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان چوونەتە فەرەنسا، کە ئەمەش دەکاتە 15%ی کۆی دانیشتووانی ئەو وڵاتە، بەو پێیەی ژمارەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە تەنیا 330 هەزار کەسە.

دوو هۆکار وایان لە ئایسلاندییەکان کردووە، بەلێشاو ڕوو لە فەرەنسا بکەن، یەکەمیان ئەوان زۆر حەز لە تۆپی پێ دەکەن، بەتایبەتیش کاتێک هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان یاری دەکات، چونکە هەموویان ئینتیمایەکی نیشتیمانیی زۆریان بۆ وڵاتە بچووکەکەیان هەیە. دووەمیشیان ئەوە جاری یەکەمە ئەو هەڵبژاردەیە لە مێژووی خۆیدا بەشداری لە پاڵەوانیەتی یۆرۆدا بکات. ئایسلاندا، دوورگەیەکی ئەورووپییە، دەکەوێتە باکووری ئۆقیانووسی ئەتلەسی، ڕووبەرەکەی 103 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ناوچەیەکی بورکانییە، ناوی پایتەختەکەی ریکیاڤیکە. لەگەڵ ئەوەشدا لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە یەکێک لە دەوڵەمەندترین و پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهان. بۆ نموونە لە ساڵی 2010 وەک 14هەمین پێشکەوتووترین وڵاتی جیهان پۆلین کراوە.



پێشبڕکێ



**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

جەلال سەعید لە مێرگەسوور

بە لێدوانی:

(**عاریزە ببە بەولاوە، دەیان تۆپم لێیداوە**)

1 LOTTO

## پەنجاهەمین پێشبڕکێ

ڕووداو وەرزشی — ژمارە (405) سێشەممە 2016/6/21

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان:
1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو: ............

مۆبایل: ............

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوە و خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد
هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە